

کتێبخانەی (PDF)

کتێبی سێیەم

# سەرکێشییەکانی شارلۆک هۆلمز

نوسەر : ئارسەر کۆنان دوێڵ

وەرگێڕ : مەدینە ئەحمەد

# سەرکێشییەکانی شێرلۆک هۆڵمز

## ئارثەر کۆنان دوێڵ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:-
سالی احمد حمدی.
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:-
مەدینە احمد.



# ئاژاوەیەک لە بۆهیمیا

هـۆڵمز هەمیشــە بە {ئــافرەتەکە}، نــاوی دەهێنــا، بەدەگــمەن ئەگینــا هەرگیــز گــوێم لێنەبــوو کەبەنــاوێکی دیــکە یــان بەشــــێوەیەکی دیـــکە نــــاوی بهێنێــــت، لەچــاوی ئەودا لەسەروەی ئافرەتەکانی دیکەبوو.

ئەمە مانــای ئەوەنەبــوو کەهەســتێکی خۆشەویســتی هەبێــت بەرامــبەر {ئیــرین ئــادلەر}، ئەقــڵە ڕەقەکەی بەتــاڵ بــوو لەهەست ، بەتایبەتی خۆشەویستی.

بەڕای مـن شـێرلۆک مەزنتـرین کەسـە کەمێـژوو بەخـۆیەوە بینیبێتــــی لەشــــیکردنەوەو چارەســــەرکردنی کەیســــەکان، بەڵام هــــیچ شــــوێنێکی نەبــــوو لەنێــــو ئاشــــقاندا، بــــێجگە لەشــــێوەیەکی گاڵتەجــــاڕانەو پێکەنیناویــــانە نەبێــــت بەشێوەیەکی دیکە باسی خۆشەویستی نەدەکرد.

ئەم هەســتانە ســودی خــۆی هەیە بۆپشــکنەرەکان چــونکە یــارمەتی دەدات لەئاشــکراکردنی پەردەی ئەو هۆکــارانەی کەوا لەمــروڤ دەکــات تــاوان بــکەن، بەڵام ئەگەر خــاوەن ئەقــڵ ڕێــگە بــدات ئەم هەســتانە کــاریگەری هەبێــت لەســـەریان ئەوا دەرئەنجامەکانیشــیان گومانــاوی دەبێــت. دۆزیــــنەوەی دەنکێــــک خــــۆڵ لەناوئامێرەکــــان یــــاخوود ڕووشــانێک لەزەرەبینەکەیــدا ئەوەنــدەی هەســت کــردن بەسۆزێکی بەهێز شێرلۆک بێزار ناکات!

ســەرەڕای ئەوەش شــێرلۆک هەرگیــز لەژیانیــدا سەرســامی هــیچ ئافرەتێــک نەبــووە، بــێجگە لەیەک ئــافرەت کە خــاوەنی بیرەوەرییەکی شاراوەیە ئەویش {ئیرین ئادلەر}ە.

***

هاوســــەرگیریەکەم بــــووە هۆکــــاری ئەوەی کەئەم مــــاوەیە لەشــــێرلۆک دووربــــکەومەوەو بەکەمــــی ببیــــنم، کاتێــــک بــۆیەکەم جــار خــۆت دەبینیــتەوە وەکــو گەورەی ماڵێــک و

گرنکـــی دان بەکاروبـــاری مـــاڵەوە ئەوەنـــدە بەســـە کەببێـــتە هـــــۆی ســـــــەرقاڵیت بەبەردەوامـــــــی ، {{شـــــــێرلۆک کەســـــایەتییەکی وای هەیە کەبەهەر شـــێوەیەک لەشـــێوەکان نکـــۆڵی لەپەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان دەکـــات}}، لەکاتێکـــدا شـــێرلۆک لەشـــوێنەکەی خـــۆی لەشـــەقامی بەیـــکەر مـــابووە وە، نقومی خوێندنەوەی کتێب بوو.

هێشـــتا وەکـــو جـــاران لە شـــیکردنەوەو چارەســـەرکردنو لێکـــۆڵینەوەی کەیســـە شـــاراوەکان هەبـــوو، ئەو کەیســـانەی کەپـــۆلیس بەبێـــزار کەری دادەنێنـــو وازیـــان لـــێ هێنـــاوە بەڵام دواتـــر دەردەکەوێـــت کە کەیســـێکی گـــرنگە، لەمـــلاو لا گـــوێم لێـــدەبوو کە بەچیـــیەوە خەریـــکە و کـــاتی خـــۆی بەچیـــیەوە بەســـەر دەبـــا، بیســـتم گەڕێنـــدراوەتەوە بۆئۆدیســـا لەکەیســـی کوشـــتنی تریبـــوف ، وەچارەســـەرکردنی کەیســـی کوشـــتنی برایـــانی ئاتکینســـۆن ی نـــامۆ لەترینکومـــاڵی ، وە کەیســـێکی دیـــکەی دەربـــارەی لەهۆڵنـــدا، بـــێجگە لەمـــانە هـــیچ شـــتێکی تـــــرم نەدەزانـــــی دەربـــــارەی هـــــاوڕێکەم، منـــــیش وەکـــــو



خوێنەرەکـانی دیـکە لەوڕۆژنامـانە دەمخوێنـدەوە کەڕۆژانە دەردەچوون.

لەیەکێـک لەشـەوەکانی مـانگی ئـازاری سـاڵی ١٨٨٨ ، کاتێـک لەسـەردانی یەکێـک لەنەخۆشـەکانم دەگەڕامەوە{{ ئەوکـات گەڕابـوومەوە بۆکـارکردن لەنـۆڕینگەکەم}}، ڕێگـاکە بەرەو شـەقامی بەیـکەر بردمـی، کاتێـک بەدەم دەرگـایەکی ناسـراودا تێـپەڕیم کەئەسـتەمە لەبیـری بـکەم، ئـارەزوویەکی زۆرم هەبـوو بـۆئەوەی بـزانم شـێرلۆک چیدەکاتوو بەچییەوە خەریکە.

شـوێنەکەی ڕوونـاک بـوو، کاتێـک سـەرم بەرزکـردەوە بینـیم سـێبەرە ڕەشـەکەی لەپشـت پەردەکـانەوە دەهـاتوو دەچـوو، بەخێرایـی دەهـاتوو دەچـوو دەستەکانیشـی لەپشـتیەوە بـوو سەریشـی تائاسـتی سـنگی نـزم کردبـوەوە، لەبەرئەوەی مـن لەهەمـوو شـتێکی شـارەزام دڵنیـابووم کەئەمە مانـایەکی تـایبەتی هەیە؛ زانـیم کەئەو دووبـارە گەڕاوەتەوە بۆچارەسەرکردنی کەیسەکان.

لەزەنگـی دەرگـاکەم داو خـاوەن مـاڵەکە بـۆی کـردمەوە ، ڕێنـوێنی کـردم بـۆ ئەو ژوورەی کەپێشـتر هـی خـۆم بـوو چەنـدین یـادەوەری بەبیـر هێنـامەوە، شـێرلۆک بەشـێوەیەکی بەسـۆزانە پێشـوازی لێنەکـردم چـونکە ئەوبەدەگـمەن هەسـتەکانی خـۆی دەردەبـڕی بێگومـان منـیش لەسـەر ئەوە ڕاهـاتبووم، بەڵام پـێم وابێـت دڵخـۆش بـوو بەبینیـنم، بەبـێ ئەوەی هـیچ قسـەیەک بکـات بەچـاوی ئامـاژەی بـۆکردم کەلەسـەر کورسـییەکە دانیشـم ، دواتـر لەبەردەم ئـاگرەکە وەسـتابوو ، وەکـو هەمیشـە بەشـێوازە تـایبەتەکەی پشـکنینی بۆدەکردم.

شـێرلۆک ـــ هاوسـەرگیریت لـێ دێـت واطسـۆن؛ کێشـت سـێ کیلـۆ زیـادی کـردووەو چارەکێـک کیلـۆش کەکۆتاجـار تۆم بینی.

ـ بەڵکو تەنها سێ.

ـــ بەڕاســت؟!!! پـێم وابێـت کێشــت کەمێــک زیــاتر لەوەی کەدەیڵێـــــی زیــــادی کـــــردووە، زۆر کەم وەک، ئەوەی پێشبینی دەکەم واطسۆن!



تێبینـــیەکەم دووبـــارە گەڕاویـــتەتەوە بۆکـــارکردن .تـــۆ پێـــت نەوتـــــم نیەتـــــی ئەوەت هەیە کەدەتەوێـــــت بگەڕێیـــــتەوە بۆکارکردن لەنۆڕینگە.

ـ كەواتە چۆن زانیت؟

ـــــ بینیم؛بەهەمـــان ئەو ڕێـــگەی کە بـــۆم دەرکەوت لەم دوایەدا تەڕبویتــو خزمەتکــارێکی خەم ســاردی گەمژەشــت هەیە.

ـــــ ئـــــازیزەکەم هــــۆڵمز! ئەمەزۆرزۆرە، ئەگەر چەن ســەدەیەک پــێش ئێســتا ژیابایــت بەدڵنیــاییەوە لەســێدارە دەدرای بەهــۆی ئەم توانــایەتەوەو دەیــانگوت جــادووگەری! ئەوە ڕاســتییە، بەڕاســتی ئەبــێ سوپاســگوزاربین، ڕۆژی پێــنج شــەمە لەســـەرەوەی شــار بــوم کاتێــک گەڕامەوە بۆمــاڵەوە لەحــاڵێکی زۆر خراپــو شــێواوبووم، بەڵام نــاتوانم پێشـــبینی ئەوەبـــکەم کەتۆچـــۆن ئەمەت بـــۆدەرکەوت. جلەکـــانم گـــۆڕی! مـــاری جـــانیش بەڕاســتی ناتوانرێــت چــاکی بکەیــن، هاوسەرەکەشــم چەنــدین جــار ئاگــاداری کردۆتەوە کەواز لەکارکردن بێنێت......

بەڵام تۆچۆن زانیت؟

شــێرلۆک بەشــێوەیەکی ترســێنەر پێــدەکەنی و دەســتەکانی لەیەک دەئاڵانــد دواتــر گــوتی:-شــتەکە زۆرســادەیە ئەگەر تۆزێــک بەوردی ســەیربکەیت، نــاوەوەی بەشــی پــێڵاوی قــاچی چەپــت کەنــزیکە لەئــاگرەکەوە بەشــێوەیەکی یەکســان شـــەش جـــار ڕووشـــاوە ئەگەر ببینـــی ڕوونە ئەوەی وای لێکــردووە کەســێکی ئیهمــاڵ بــووە چــونکە ویســتویەتی ئەو قـــوڕە وشـــکەی کەبەلێـــواری پـــێڵاوەکەیە لێیـــی بکـــاتەوە ئەوەش بـــۆتە هـــۆی دروســـتبوونی شـــەش ڕووشـــان بەپــێڵاوەکەوتەوە. ئێســـتا زانیــت کەچــۆن بــۆم دەرکەوت کەتۆڕۆیشـــتویتە دەرەوە بەڵام بەخـــت یـــاوەرت نەبـــوو . هەروەک چـــۆن خزمەتکـــارێکی خراپـــت هەیە لەتەواوی لەندەندا.

ئەی چۆن زانیت گەڕاومەتەوە بۆنۆرینگە؟

*کاتێک کەسێکی بەرێز دێتە ئێرەوە و بۆنی پاککەرەوەی لێدێت{مادده}، وەنیشانەیەکی ڕەش کەپاشماوەی زیوە لەسەر پەنجە گەورەی دەستی ڕاستیەتی لەگەڵ نیشانەی بیستەری دکتۆری لەسەر کڵاوەکەی بەجێماوە ، ئەبێ گەمژە بم ئەگەر نەزانم لەبواری پزیشکیایە.*

*بەهۆی ئەوشێوازە ئاسانەی کەبۆی دەرکەوت نەمتوانی خۆم بگرم لەپێکەنینا وگوتم:- کاتێک تۆبەو شێوە ئاسانە شتەکانت بۆدەردەکەوێت وادەزانم کارێکی ئاسانەو منیش دەتوانم بیکەم بەڵام بەداخەوە ناتوانم، وە لەکەیسەکانیشدا گیر دەبمو وێڵ دەبم بەدوای ڕونکردنەوەیەک سەرەداوێک هەتاوەکو تودێیت، بۆئەوەی شیکاری کەیسەکەم پێ بڵێیت.*

*لەگەڵ ئەوشدا چاوم هەمان بەهێزی چاوەکانی تۆی هەیە.*

*لەسەر یەکێک لەکورسییەکان دانیشتو گوتی:- بەتەواوی هەمان بەهێزییە، تۆئەبینی بەڵام ئاگادارنیت لەوەی کەدەیبینی، جیاوازییەکە ڕوونە بۆنموونە تۆ ئەوپلیکانانەت بینی کەلە هۆڵەکەوە بەرەو ژوورەکەوە تۆی هێنا.*

- *وەکو هەمیشە بەڵێ.*
- *بەنزیککراوی چەندجار؟*
- *باشە، چەند سەدجارێک.*
- *ژمارەی پلیکانەکان چەندە؟*
- *نازانم!!!*
- *بەتەواوی تۆتێبینی ناکەی کاتێک بینیت، ئەمەش مەبەستەکەی من ڕوون دەکاتەوە. بەڵام من دەزانم کەحەڤدە پلیکانەیە، لەبەرئەوەی لەهەمان کاتدا بینیمو تێبینیشم کرد .*

*بەوبۆنەوەیە، مادام ئەوەندەی کەبەس بێت باشیت لەکارەکەداو ئەم کەیسە سادانە گرنگو*

سەرنجڕاکێشـــــــــــــــــــــــه بەلاتەوە، وەیەک دوو لەئەزمونەکـــانی منیشـــت تۆمـــارکردووە، ئەبێـــت ئەم کەیســـەش بەلاتەوە گرنـــگ و ســـەرنج ڕاکـــێش بێـــت بەلاتەوە، کەپێتی دەڵێم.

دواتـــر کـــاغەزێکی پەمەیـــی لەســـەر مێـــزەکە هەڵگرتـــوو پێیـــدام گـــوتی:- پـــێش کەمێـــک ئەم نـــامەم لەپۆســـتەوە بۆ هـــات ، بەدەنگی بەرز بیخوێنەوە.

نـــامەیەکی کـــورت بـــوو هـــیچ ئیمـــزاو ناونیشانێکیشـــی لەســـەر نەبوو لەناویدا:-

پێشـــــبینی ســـــەردانی کەســـــێک بەلەکـــــاتژمێر چـــــارەک بۆهەشـــت. کەدەیەوێـــت ڕاوێـــژت پێبکـــا لەســـەر بـــابەتێکی زۆر گرنگـــــو نهێنیـــــی، ئەوخزمەتـــــانەی کەبۆیەکێـــــک لەخێزانەکـــانی ئەوڕوپـــات پێشکەشـــکردووە دەریـــدەخات کەدەتـــوانین پشـــتیت پـــێ ببەســـتین بەبـــێ تـــرس، لەوکـــاتەدا لەشـــوێنەکەی خـــۆتبەو نـــاڕەحەت نەبـــی ئەگەر میـــوانەکە ماسکی بەستبوو.

گـــوتم ئەوەبەڕاســـتی مەتەڵە ! پێتـــوایە مانـــای ئەونـــامەیە چـــی بێت؟

- هەتـــاوەکو ئێســـتا هـــیچ زانیـــارییەکەم نیـــیە. هەڵەیە کە پـــیش زانیـــاری ڕای خۆمـــان بڵێـــین، لەبـــارەی نـــامەکەوە خۆی چی؟ هیچت بۆدەرکەوتوە؟
بەباشـــی لێکـــۆڵینەوەم کـــرد تەنـــانەت ئەوکاغەزەشـــی کەنێردراوە، دواتر گوتم:-
هەوڵەدەم ڕێگـــای تۆدووبـــارەبکەمەوە، وەکـــو ئەوەی دەرئەکەوێـــت بـــاری دارایـــی ئەو پیـــاوەی کەنـــامەکەی نوســـیوە باشـــە، کـــاغەزێکی لەم شـــێوەیە بەکەمتـــر لەنیوکراون بەدەست ناهێنرێت .
هـــۆڵمز گـــــوتی :- (( بەشـــــێوەیکی ســـــەیر)) ئەوە وەســـفێکی تەواوداواکـــراوە، ئەمە تەنـــانەت کـــاغەزێکی

ئینگلیـــــزیش نیـــــیە . بەرەو ڕونـــــاکییەکە بەرزی بکەرەوە .
بەرزم کـــردەوەو هەریەک لەپیتـــی (( گ)) و (( یـــا ))م لەلایەکـــی کـــاغەزەکە بینـــی و پیتـــی(( گ)) و(( ئەلـــف)) یش لەلایەکی دیکەی کاغەزەکە نوسرابوو.



هـــۆڵمز پرســـیاری لێکردمـــوو گـــوتی:- چـــی لەمە تێدەگەی؟
- نـــاوی دروســـتکەری کـــاغەزەکەیە بێگومـــان، یـــان چەنـــد پیتێکی گرنگە بەلایەوە.

- نانـــا، هەرگیـــز، پیتـــی(( گ)) و(( یـــا))، ئامـــاژەن بۆوشـــەی (( گیزیلیزشـــافت)) ی ئەڵمـــانی، بەمانـــای کـــارگە دێـــت ، ئەوەش کـــورتکراوەیەکی ناســـراوە. بەلایەنـــی پیتـــی(( گ و ئەلـــف)) یـــش بـــاڵە ئەتڵەســـی

بگەڕێـــــین ، دواتـــــر کتێبێکـــــی قـــــاوەیی گەورەی لەڕەفەکە هێناو گوتی:-



ئەوەتـا ، ئەگلـو، ئەگلـو نیتر.......ئگریـا. ئەوە یەکـێکە لەناوچەکـانی ئەڵمانیـا، دەکەوێـتە بۆهیمیـاوە (( نزیـک

کارلسـبارد ناسـراوەبەوەی چەنـدین کـارگەی شوشـەو کـاغەزی لێـیە)) وەک ئەوەی کتێـبەکە دەیڵـێ ، باشـە، چی تێ ئەگەی؟
چاوەکـانی بەسـەرکەوتن دەدرەوشـانەوە کاتێـک گوتم:- ئەم کاغەزە لەدروستکراوی بۆهیمیایە.
- بەتەواوی دروسـتە، هەروەهـا ئەوپیاوەشـی کەنـامەکەی نوسـیوە خەڵکـی ئەڵمانیـایە، سـەیرکە چەن بەشـێواوی نـامەکەی نوسـیوە، دەبینـی؟ ئەگەر فەرەنسـی بـوایە بەوشـێوەیە نەیدەنووسـی، تەنهـا ئەڵمانییەکان بەم شێوەیە شێواو ناشرینە دەنسون .
ئێسـتاکە ئەوە مـاوە کەبـزانین ئەم ئەڵمـانیە چیەوێـت کەوا نایەوێـت ڕوخسـاری دەربکەوێـت وماسـک دەبەستێت؟ اهەە، ئەوەتا گەشت ئەگەر هەڵە نەبم.
کاتێـک هـۆڵمز بەردەوام بـوو لەقسـەکردن گوێمـان لەپێـی ئەسـپەکانو جیـڕەی تایەکـان بـوو کەدەوەسـتان، دواتـر لەزەنگەکەیـان دا، هـۆڵمز فیکەیەکـی کـردوو گـوتی:- دووان ( مەبەسـتی لەئەسـپەکانە)، بەپێـی دەنگەکە بێت.
دواتـر بەردەوام سـەیری پەنـجەرەکەی دەکـرد:- بەڵـێ، گالیسـەکەیەکی بچـووک دووئەسـپ لێـی دەخورێـت نرخـی هەر یەکێکیـان سـەدوو پەنچـا جـونیەیە! لەم کەیسـەدا پـارەهەیە واطسـۆن .... تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکی تر نەبێت.
- پێم وابێت باشترە من بڕۆم هۆڵمز.
- هەرگیـز دکتـۆر، نـا، بەڵکـو لەشـوێنی خـۆت بمێـنەرەوە، ئەگەر تۆنەبیـت کەیسـەکانم بۆتۆمـار بـکەی ئەوکـات مـن ونـم واطسـۆن، ئەم کەیسـەش بەو پێـیە بێـت سـەرنج ڕاکـێش ئەبێـت بەداخەوە ئەبـم ئەگەر ئامادەنەبیت.
- بەڵام ، میوانەکەت....

- گـــوێی پـــێ مەدە، پێویســـتم پێـــتە، لەوەیە ئەویـــش پێویســتی بەتۆبێـت. ئەوەتــا هــات، واطسـۆن لەســەر ئەوكورســــــییە دانیشـــــــە، اەەەەەەە، وەئاگـــــــات لەگفتۆگۆكانمان بە.

گوێمــان لەچەنــد هەنگــاوێكی قورســی خــاوو بــوو كەلە هـۆڵەكەوە دەهـات هەتـا گەشـتە بەردەم دەرگـاكە، دواتــر گوێمــان لەتەقەیەكــی بەرزی دەرگــاكە بــوو، شێرلۆک گوتی:- فەرموو.

پیــاوێكی كەشــخەی جەســتە هێرقڵــی كەبــاڵای لە (١٩٥) سـم زیـاتر نەبـوو!! خـۆی كـرد بەژورا، بەڵام كەشـــــخەییەک كەلەوەیە لەئینگلـــــتەرا بەخـــــاوەن سـەلیقەیەكی خـراپ دابنرێـت، چـاكەتێكی قورسـی لەبەربـــوو لەگەڵ سەرشـــانێكی شـــینی تاریـــک كەبەخەتـــی ئاوریشـــم ڕازێنرابـــوو وەوە بەســـەر شـــانەكانیدا شـــۆڕببونەوە، سەرشـــانەكەی بەهـــۆی بەردێكـــی نەخشـــێنراوی زمـــرووود لەملیـــدا بەیەكەوەی نوســـاندبوو، پێڵاوەكەشـــــی لەكۆتـــاییەوە بەفەروی قاوەیی ڕازێنرابوو وەوە.

دەردەكەوت كە كەســێكی دەوڵەمەنـــدە. كڵاوێكیشـــی لەدەســتی هەڵگرتبــوو، لەگەڵ ماســكێكی ڕەش كەنیــوەی ڕووخساری دادەپۆشی ....

ڕوون بـوو كەتـازە ماسـكەكەی بەسـتبوو چـونكە هێشـتا دەســتی پێوەبــوو كاتێــک دەهـــاتە ژوورەوە، لەبەشـــی خـــوارەوەی ڕوخســـاری دەری دەخســـت كەكەســـێكی بەهێـزە ، لەگەڵ ملـلە درێـژەكەیكەدەری دەخست كەسێكی كەلەڕەقە .

بەدەنگێکــی لەســەرخۆو لەهجەیەکــی ئەڵمــانی زۆرتــایبەت گــووتی:-نــامەکەت پــێ گەشــت؟ تێیــدا ئامــادەبوونی خــۆمم ڕاگەیاندبوو.



نەیدەزانی کە دەبێت قسەلەگەڵ کاممان بکات جارێک سەیری منی دەکرد جارێک سەیری شێرلۆکی دەکرد، هۆڵمز گووتی:- فەرموو دانیشە.

دەستی بۆمن ڕاکێشاو گوتی:- ئەمە هاوڕێو هاوکارمە، کەبەخشندەیی دەنوێنێتو، هەندێک جار لەکەیسەکانمدا یارمەتیم دەدا. ئەکرێت بزانم لەگەڵ چ کەسێکی بەڕێزدا قسەدەکەم؟

_ ئەتوانی قسەم لەگەڵدا بکەی وەکو( کۆنت فۆن کرام)، یەکێک لەپیاوە خانەدانەکانی بۆهیمیا. پێم وابێت ئەم پیاووە بەڕێزە، هاوڕێکەت پیاوێکی جێگەی متمانەبێت بەجۆرێک دڵنیایی ئەوەم هەبێت کەبابەتێکی گرنگ باسبکەم بەبێ هیچ خەمێک، ئەگەر وانەبێت پێم باشترە کەبەتەنها قسەبکەین.

هەستام بۆئەوەی بڕۆم بەڵام شێرلۆک مەچەکی گرتموو گەڕاندمییەوە بۆسەر کورسییەکە، گوتی:- هەردووکمان یان هیچ کەس! هار شتێک دەتەوێت ئەتوانی لەبەردەم ئە کەسە بەڕێزەشدا بیڵێیت.

{کۆنت فۆن}، هەردوو شانەکانی تەکاندوو گوتی:- کەواتە ئەبێ بۆماوەی دووساڵ ئەم بابەتە بەنهێنی بهێڵنەوە ، لەکۆتایی ئەم ماوەیە دا هیچ گرنگییەکی نامێنێت، لەکاتی ئێستادا زیادەڕۆی نییە ئەگەر بڵێم ئەوەندە گرنگە کەدەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەرمێژووی هەموو ئەوروپا.

هۆڵمز:- بەڵێنت پێ دەدەم.

وتم:- منیش.

بەردەوامبوو گوتی :- هیوادارم ئەم ماسکە بێزارت نەکات، ئەوکەسەی کەمنی وەکو بریکاری خۆی ناردووە ئەیەوێت نەزانراوبم ، لەلای تۆدا.

ئەوناوەشی کەخۆمم پێناساند ناوی خۆم نەبوو.

هۆڵمز بەوشکییەکەوە وڵامی دایەوەو وتی :- ئەزانم.

- بابەتەکە زۆر هەستیارە، ئەبێ هەموو هەوڵێکی خۆمان بخەینە گەڕ پێش ئەوەی ئاژاوەیەک ڕووبەڕوی یەکێک لەخێزانە بەناوبانگەکانی ئەوروپا بێتەوە . لەڕاستیدا پەیوەندی بەخێزانی{ئۆرمشتاین} ی بەناوبانگەوەهەیە، خێزانێکی دەسەڵاتدارن لەبۆهیمیا هۆڵمز چاوەکانی داخستو گوتی:- ئەوەشم دەزانی.

میوانەکامان بەسەرسوڕماوییەوە سەیری شێرلۆکی کردوو بۆی ڕوون بویەوە کەشێرلۆک چالاکترین و وردبینترین پشکنەرە لەئەوروپا .

دواتر هۆڵمز چاوەکانی کردەوەو گوتی:- تکایە گەورەی بنوێنەو باسی کەیسەکەت بکە بابەشێوەیەکی زۆر باشتر کەیسەت بۆچارەسەر بکەم.



پیــــاوەکە لەســــەر کورســــییەکەی هەســــتاو بەژوورەکەدا دەهــــات و دەچــــوو، دواتــــر ماســــکەکەی لەڕوخســــاری کــــردەوەو فــــڕای دایە ســــەرزەوی ، گــــوتی:- بــــۆچی ئەبــــێ بیشارمەوە؟

هــــۆڵمز گــــوتی:- بەڵــــێ بــــۆچی ؟ پــــێش ئەوەی قســــەبکەی زانــــــیم کەقســــــە لەگەڵ {{گوســــــترایخ ســــــیگمۆند فــــــۆن ئۆرمشــــتاین}} دەکەم، پاشــــای بۆهیمیــــاو خــــانەدانی مەزنــــی {{کاسڵ فیلشتاین}} .

پیاوەکەدووبــــارە دانیشــــتەوەو دەســــتی بەتوێڵیــــدا دەهێنــــا: ئەتــــوانی تێــــبگەی .... ئەتــــوانی تێــــبگەی و ببینــــی کەمــــن ڕانەهــــاتوم کەئەم شــــتانە بــــکەم ببیــــنە چەن زوو منــــت ناســــیەوە، نەشــــم تــــوانی متمــــانە بەهــــیچ کەســــێک بکەمــــوو وەکوبریکــــار بینێــــرم بــــۆلات، بــــۆیەلە { پــــراگ} ، وەخــــۆم هاتوم بۆئەوەی ڕاوێژت پێ بکەم.

بــــابەکورتی پێــــت بڵــــێم، ڕاســــتییەکەی ئەوەیەپــــێش پێــــنج ســــاڵ لەســــەردانێکی درێژمــــدا بــــۆ **وارسـۆ** کەســــێکم ناســــی بەنــــاوی {ئیــــرین ئــــادلەر}.... بێگومــــانم لەوەی کەئەم ناوەناســــراوە بەلای تۆوە.

هــــۆڵمز بــــێ ئەوەی چاوەکــــانی بکــــاتەوە گــــوتی:- دکتــــۆر، تکایە بالەتۆمارە تایبەتەکانم بەدوایدا بگەڕێین.

هــــــــۆڵمز بۆچەنــــــــدین ســــــــاڵ بەدوای ڕیزکردنــــــــی ئەوزانیاریــــانەوا بووکەپەیوەنــــدی بەوکەســــــو ڕووداوانەوە هەیە کەبەئاســــتەم لەبیرمــــانە یــــاخود تــــایبەتن ، بــــۆیە هەرکــــات ویســــتمان دەتــــوانین ئەوزانیاریــــانە دەربکەینــــو ســــودی لــــێ ببینــــین. لەم کاتــــدا ژیاننــــامەکەیم لەنێــــو یەکێــــک لەفایلەکــــانی پیــــاوە دینیەکــــان دۆزییــــوە لەگەڵ ژیاننــــامەی کاپتنێکی دەریایی.

هۆڵمز گوتی:- پیشانم بدە، ئەهەهە، بەڵێ، لەساڵی **١٨٥٨** لەدایکبووە، گۆرانیبێژی ئۆپێرایە، گۆرانی بێژی سەرەکی ئۆپێرایە لە **وارسۆ** ، لەلەندەندا دەژی. باشە، بائێستا ڕای خۆم بڵێم، تۆ لەگەڵ ئەم خانمە تێوەگلاوی هەندێک نامەت بۆنوسیووە، ئێستا دەتەوێت ئەونامانە بگەڕێنیتەوە.

- بەتەواوی وایە، بەڵام چۆن .......؟
- هاوسەرگیری نهێنیتان کردووە؟
- نا.
- هیچ کاغەز شتێکی ڕەسمی تۆی لایە؟
- نا.
- من لەتۆتێناگەم، ئەگەر ئەوخانمە هیچ شتێکی تۆی پێ نەبێت چۆن دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کەلەگەڵ تۆبووە؟
- لەخەتی نوسینەکەمەوە.
- شتی پڕوپوچ، بەتەواوی پڕوپوچ، ئەکرێت بڵێیت ساختەیە.
- ئەوکاغەزانە لەیادگاری تایبەتی خۆمەوەیە.
- ئەکرێت بڵێیت دزراوە.
- ئەی مۆری تایبەتی خۆم.
- لاسایی کراوەتەوە، کۆپی کراوە
- وێنەکەم چی؟
- کڕدراوە.
- بەڵام لەوێنەکە پێکەوەبوین.
- ئەهەه، ئای خوایە ، شتێکی گەمژانەت کردووە.
- شێتبووم ئەقڵم لەدەست دابوو.
- خۆشت خستۆتە مەترسییەوە.
- ئەوکات تەنها شازادەی جێنشین بووم. تەمەنم بچوک بوو ئەوکات، بەڵام ئێستا تەمەنم سی ساڵە.
- ئەبێ بیهێنیتەوە.
- هەوڵماندا بەڵام شکستمان هێنا .

- ئەبێ پارە بدەی ، ئەبێ وێنەکە بکڕی.
- ئەونایفرۆشێت.
- کەواتە بیدزە.
- پێنج جار هەوڵماندراوە، ئەوکەسانەی کەبەکرێیم گرتبوون بەوردی ماڵەکەیان پشکنیبوو، جارێکیش لەکاتی گەشتدا دەستمان بەسەر کەلوپەلەکانی گرتووە، دووجاریش ڕێگەمان لێگرتووە. بەڵام بێ سوود بوو.
- هیچ شوێنەوارێکیت نەدۆزیوەتەوە؟
- هەرگیز.

هۆڵمز پێکەنیو گوتی :- چ کێشەیەکی سادەیە!!!
- بەڵام زۆر مەترسیدار بۆمن.
- زۆر مەترسیدارە وایە، باشە، ئەم خانمە دەیەوێت چی لەم وێنە بکات؟
- ئەیەوێت لەناوم بەرێت.
- بەڵام چۆن؟
- خەریکی هاوسەرگیریم بەڕێز هۆڵمز.
- بەڵێ ، بیستومە.
- هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو{ کلوتێلدا لوثمان ساکس مینینگن } دادەکەم ، دووەمین کچی پاشای ئەسکەندەنافیایە، ئەگەر گومانیان لادروست ببێت لەهەڵسوکەوتەکانم ئەوکات هاوسەرگیریکە هەڵدەوەشێتەوە.
- ئیرین ئادلەر لەکوێیە هیچ ئەزانی ؟
- هەڕەشەی ئەوەی لێ کردوم کەوێنەکە دەنێرێت بۆئەم خێزانە، ئەوەش دەکات دڵنیام لەوە... من دەزانم کەوادەکات. تۆنایناسی ، ئیرادەیەکی وەکوئاسنی هەیە .... ڕوخساری جوانترین ئافرەتی هەیە لەگەڵ ئەقڵێکی پیاوانە.
- تۆدڵنیایی هێشتا نەیناردووە؟
- بەڵێ دڵنیام

- چۆن لەوە دڵنیایی
- چــونکە وتـــی لەڕۆژی ڕاگەیانــدنی دەزگیرانــدارییەکە دەینێرێت، دەکاتە دوشەمەی داهاتوو.
- باشـــە ، خۆشـــبەختانە ســێ ڕۆژمـــان مـــاوە، بەڵام لەکـــاتی ئێســـتادا یەک دوو کـــاری گـــرنگم هەیە ئەبـــێ ئەنجـــامی بـــدەم ..... بێگومـــان لێـــرە لەلەنـــدەن دەمێنیتەوە خاوەشکۆ وایە؟
- بەدڵنیـــاییەوە، ئەتـــوانی لەهـــۆتێلی لانگهـــام بەدوامـــدا بگەڕێی بەناوی **کۆنت فۆن کرام**.
- هەر شتێک ڕوویدا نامەت بۆدەنێرم .
- تکـــایە وابـــکە، لەوپەڕی نیگەرانیـــدا دەبـــم ئەگەر هـــیچ شێکم پێ نەگا.
- باشە دەربارەی پارەش؟
- ئازادیی تەواوت هەیە .
- بەبێ سنور؟
- دڵنیـــــــات دەکەمەوە ئامـــــــادەم واز لەیەکێـــــــک لەهەرێمەکانم بێنم بەرامبەر ئەو وێنەیە!!!
- ئەی تێچونەکانی ئێستا؟
- لەژێـــر سەرشـــانەکەیدا جانتـــایەکی قایشـــی قورســـی دەرهێنـــا ولەســـەر مێـــزەکە دایـنـــا ، گـــوتی:- ئەوە ســـێ ســـەد هەزار جـــونیەیی ئـــاڵتونیە، لەگەڵ حەوســـەد جونیەیی کاغەزی .

هـــۆڵمز دەفتەرێکـــی دەرهێنـــاو گـــوتی:- ناونیشـــانەکەیم پێ بدە؟

-لەماڵێکـــدایە بەنـــاوی { بریـــۆنی} ، لەســـەر ڕێگـــای **سیربنتاین.**

هـــــۆڵمز ناونیشـــــانەکەی نوســـــیو گـــــوتی:- یەک پرسیارماوە؛ وێنەکەی بچووک بوو یاخود گەورە؟
- ئەوەندە گەورە بوو دەتوانی بەدیوارێکدا هەڵیواسی.

- باشـــــه، هیـــوای شــــەوێکی خۆشـــت بۆدەخـــوازم خاوەنشـــکۆ، دڵنیـــابه بەم زووانه هەواڵـــی خوشـــت پێدەگا .

دواتر بەمنی وت:- شەوێکی خۆش بۆتۆش واطسۆن.

کاتێـــک گالیســـکه گرانبەهـــاکه ڕۆشـــت گـــووتی:- گەورەیـــی بنـــوێنەو ســـبەی کـــاتژمێر ســێی دوای نیـــوەڕۆ لێرەبه باکەمێک باسی ئەم کەیسه بکەین.

* * *

بەتەواوی کـــاتژمێر ســـێ لەشــــەقامی بەیـــکەر بـــووم ، بەڵام شـێرلۆک هێشـتا نەگەڕابـووەوە، خـاوەن مـاڵەکه وتـــی بەیـانی کەمێـک پـێش کـاتژمێر هەشـت ڕۆشـتوەو هێشـتا نەگەڕاوەتەوە.

بەهەرحـــاڵ لەتەنیشـــت ئـــاگرەکه چـــاوەڕێم کـــرد، لێکۆڵینەوەکـــانی شـــێرلۆک هەمیشـــه ســـەرنجی منیـــان ڕاکێشـــابوو ، دووکەیســـەکەی پێشـــوتریش ناوبـــانگێکی باشـــــــی بۆشـــــێرلۆک هێنـــــا، هەمیشـــــه چێـــــژ لەهەڵســـوکەوتەکانی شـــێرلۆک دەبیـــنم لەلێکـــۆڵینەوەو ڕێگـــا وردەکـــانی ، ڕاهـــاتووم لەســـەر ســـەرکەوتنەکانی بەجۆرێک دوڕان بەمێشکمدا هەرگیز نایه.

کـــــاتژمێر نزیکـــــی چواربـــــوو کاتێـــــک شـــــێرلۆک بەشـێوەیەکی پەرتــو قژێکــی شـێواو خــۆی کــرد بەژوورا لەســـەر خـــۆش دەچـــوو، ســـەڕەڕای ئەوەی ڕاهـــاتووم لەســـەر ئەم شـــێوازەی بەڵام ســـێ جـــار لەســـەرەوەو تاخوارەوە سەیرم کرد بۆئەوەی دڵنیا ببمەوە کەئەوە!!!

دوای پێـــنج خـــولەک لەونبـــونی لەژوورەکەدا بەشـــێوەیەکی ڕێکـــــو جلێکـــــی پـــــاکەوە دەرکەوت . دەســـــتەکانی لەگیرفـــانی نـــاو، قاچەکـــانی لەبەردەم ئـــاگردانەکه لەیەک نا.

لەناکــاو دای لەقاقــای پێکەنــین...... لەکۆتایــدا گــوتی:- چاکە .....بەڕاستی زۆر چاکە.

دووبــارە دەســتی کــردەوە بەپێکەنــین ئەوەنــدە پێکەنــی هەتــــاوەکو توانــــای نەمــــاو لەســــەر کورســــییەکە ڕاکشا،گوتم:- چییە؟



- زۆر پێکەنیناویە . دڵنیام ناتوانیت پێشبینی ئەوەبکەی کەئەمڕۆم چۆنبووەو لەکۆتایدا چیم کردووە.
- ناتوانم پێشبینی هیچ شتێک بکەم . بێجگە لە چاودێری کردنی ماڵی ئەوخانمە.
- بەتەواوی ڕاستدەکەی ، بەڵام ئەنجامێکی سەیری هەبوو. بەهەرحاڵ پێتەڵێم . ئەمڕۆ کەمێک پێش کاژمێر هەشت لەماڵ دەرچوم، شێوازی جلوبەرگی خۆشم گۆڕی بۆ کەسێکی بێ ئیشو سەرشەقام، کاتێک خۆت دەکەیت بەکەسێک لەوانە هەرچیت بوێت دەتوانی بزانیت وبەدەستی بهێنێت.

ماڵی **بریۆنی** یم بەئاسانی دۆزیوە خانویەکی بچوکەو باخچەیەکی لەپشتەوە هەیە، لەپێشەوە دوونهۆمە، قوفڵێکی گەورەش بەسەر دەرگاکەوەیە، لەلای ڕاستەوە ژورێکی دانیشتنی فراوانی لێیەو پەنجەرەکانیشی ئەوەندە درێژن خەریکە لەزەویەکە دەدا قوفڵی پەنجەرەکانی ئەوەندە سادەیە کەمنداڵێکیش دەتوانێت بەئاسانی بیکاتەوە!! بەباشی سەیری هەموو شوێنێکم کرد بەبێ ئەوەی تێبینی هیچ شتێکی گرنگ بکەم .

بەپێی ڕۆشتم هەتاوەکو کۆتایی شەقامەکە پیاوێک تەوێڵەی چاکدەکرد، منیش یارمەتیم دا لەپاککردنەوەو چاککردنی تەوێڵەی ئەسپەکانی لەبەرامبەردا دووبنسو توتنی پێدام، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریم لەسەر **ئیرین ئادلەر** دەسکەوت..... لەگەڵ ژیاننامەی هەندێک کەسی بێسودی ئەودەوروبەرە بەڵام بۆئەوەی هەموزانیارییەکم دەسکەوێت ناچاربووم گوێ بگرم.

- ئەی لەبارەی **ئیرین ئادلەر**ەوە چی؟
- ئەهەهەهە، پیاوانی ئەودەوروبەرەی شێت کردووە! وادیارە جوانترین ئافرەتی ناوچەکەیە.... بەئارامی

ژیانی خۆی دەکاو لەئاهەنگە میوزیکیەکاندا گۆرانی دەڵێ ، هەموو ڕۆژێک کاتژمێر پێنج لەماڵ دەردەچێت کاتژمێر نۆ دەگەڕێتەوە ماڵەوە بۆنانی ئێوارە، بەدەگمەن لەکاتێکی دیکە لەماڵ دەربچێت ، ئەگەر دەریشبچێت بۆگۆرانی وتنە، تەنها یەک پیاو سەردانی دەکات ، زۆریش سەردانی دەکا، کەسێکی ئەسمەری زۆر قۆزە، هەموو ڕۆژێک بەلایەنی کەمەوە جارێک سەردانی دەکات جاریش واش هەیە دووجار سەردانی دەکا، ناوی بەڕێز **گۆدفۆری نۆرتۆنە لە ئینەرتمبڵ** ە، ئەبینی شۆفێرەکانی گالیسکە بەکرێ گیراوەکان چەند بەسودن واطسۆن؟

لە **سێربنتاین** چەند جارێک هێناویانەتەوە بۆیە هەموو شتێک دەزانن دەربارەی ، دوای ئەوەی گوێم لەهەموو شتێک بوو لە **بریۆنی** هەر دەهاتموو دەچووم بۆئەوەی پیلانەکەی خۆم دابنێم.

هۆڵمز کەمێک بێدەنگ بوو. دواتر گوتی:- ڕوونە**گۆدفری نۆرتۆن** کەسێکی گرنگەلەم کەیسە. پارێزەر بوو، ئەمەش نیشانەیەکی خراپە، ئەبێ پەیوەندی نێوانیان چی بێت؟ هۆکاری ئەوسەردانە بەردەوامانەی ئەبێ چی بێت؟ هاوکاریەتی یان هاوڕێ؟ ئەگەر پێشبینی یەکەم ڕاست بێت ئەکرێت وێنەکەی لەلای ئەودانابێ، ئەگەر ئەوەی کۆتاش ڕاست بێت ئەگەرەکان لاوازە، ئەم وەلامەش یان لەماڵی **بریۆنی** یان لەماڵی **نۆرتۆنە لەئنتەرتمبڵ**....

ئەترسم ئەم وردەکاریانە بێزارت بکەن بەلام خاڵی ووردبوون لەلێکۆڵینەوەکەم ئەبوایە بم کردایە.

- بەباشی دوای هەموو شتێک دەکەوم کەتۆ پێمدەڵێیت.
- هێشتا لەمێشکمدا پیلانم دادەنا کاتێک لەناکاو گالیسکەیەکی بەکرێ گیراوی بچووک بەخێرایی

گەشتە **بریۆنی** و پیاوێکی خانەدان لەگالیسکەکە دابەزی .
پیاوێکی قۆزی ئەسمەر بوو، ڕوون بوو ئەوپیاوەبوو، دیاربوو بەپەلەش بوو چونکە بەگالیسکەکەی گووت کەچاوەڕێی بکات، قسەی لەگەڵ ئەو خزمەتکارە کرد کەدەرگاکەی بۆکردەوە.
نزیکەی نیو کاتژمێر لەماڵەکەدامایەوە، ئەمتوانی لەپەنجەرەکەوە ببینم کەدەهاتوو دەچوو و باڵەکانی ڕادەوەشاند ، بەڵام نەمتوانی ئیرین ببینم . کەمێکی پێچوو بەڕوخسارێکی زۆر بێزارەوە لەماڵەکە دەرچوو، سواری گالیسکەکەبوو بەوردی سەیری کاتژمێرە ئاڵتونییەکەی دەکرد گووتی:- بەخێرایی لێیخوڕە ....... یەکەم جار دەڕۆین بۆدوکانی گروس و هانکی لەشەقامی ڕیجنت دواتر بۆکڵێسای سێنت مۆنیکا لەڕێگای ئادگوێر، ئەگەر لەماوەی بیست خولەک ئەوەبکەی نیو جونیەی ئاڵتونیت پێدەدەم.
گالیسکەکە بەڕێ کەوت، بیرم دەکردەوە ئاخۆ ئەبێ دوای بکەوم یان نا؟ لەسەرەوەی ڕێگا گالیسکەیەکی ڕاقی دەرکەوت، گالیسکەکە نەئەوەستا ئەگەر ئیرین پێی نەوتایە بۆستە، ئافرەتێکی ئەوەندە جوان بوو هەمو پیاوێک ئامادەیە خۆی بەخت بکا لەپێناویا!! هاواری کردوو گوتی:- بۆکڵێسای سێنت مۆنیکا جۆن، ئەگەر بتوانی لەماوەی بیست خولەک بگەی نیو جونیەی ئاڵتونیت پێ دەدەم .
هەلێک بوو قەرەبوو نەئەکرایەوە واطسۆن، گیرم کردبوو ئاخۆ ئەبێ بڕۆمە ماڵەکەوە یاخود شوێن گالیسکەکە بکەوم، لەوکاتەدا گالیسکەیەکی بەکرێ گیراو لەوبەری شەقامەکەوە هات.. شۆفێرەکە بێزی نەدەهات سەیری کەسێکی پەرتی وەکو من بکا

بەڵام هەرکە نزیک بوویەوە خۆم هەڵدایە ناو گالیسکەکەو هەڵی ئەوەم بۆنەهێشتەوە کە ڕەتی بکاتەوە، گوتم:- کڵێسای سێنت مۆنیکا، نیوجونیەی ئاڵتونیت پێ دەدەم ئەگەر لەماوەی بیست خولەک بگەی بەئەویّ!!
تائێستا شۆفێری واخێرام نەبینیبوو بەقەدەر ئەم شۆفێرە خێرابێت، بەڵام پێش من گەشتبوونە ئەویّ ، هەردوو گالیسکەکە لەبەردەم دەرگاکە بوون کاتێک گەشتمە ئەویّ، پارەی گالیسکەکەم داو بەخێرایی ڕۆشتمە ناو کڵێساکەوە، بێجگە لەو پیاو ئافرەتە هیچ کەسێکی تری لێنەبوو لەگەڵ قەشەیەکیش کەسەرقاڵی گفتوگۆکردن بوون پێکەوە.
وەکو هەرکەسێکی دیکە منیش لەڕێڕەوی کڵێساکە بەهێواشی دەڕۆشتم ..... لەناکاو، زۆر سەرم سوڕما، هەرسێکەیان بەرەو ڕووی من ئاوڕیان دایەوە ، گۆدفری نۆرتون بەخێرایی ئاوڕی دایەوەو گوتی:- سوپاس بۆخودا، سوودت دەبێت ، وەرە، وەرە.
گوتم:- چییە؟

- وەرە پیاو، تەنها بۆسێ خولەک ئەگینا یاسایی نابێت. دواتر بردمی لەڕیزی ئافرەتەکەو قەشەکا وەستاندمی، پێش ئەوەی درک بەهیچ شتێک بکەم هەر لەخۆمەوە شتم دەوتو شایەتی لەسەر شتێک دەدەم هیچ ماناشی نازانم .....

بەکورتی شایەتیم لەسەر هاوسەرگیری ئیرین ئادلەرو گۆدفری نۆرتۆن دەدا!!
لەماوەی چەن سانیەیەکدا هەموو شتێک تەواوبوو، لەلایەک پیاوەکە دەست خۆشی لێدەکرمم لەلایەکی دیکەش ئافرەتەکە، قەشەکەش بەڕوخسارێکی زەردەخەنە سیری دەرکردم !!



سـەیرترین شـت بـوو کەبەسـەرم هـات، هەرئەوەش منـی خسـتە پێکەنینـەوە ئێسـتا ، وادیـاربوو مـامەڵەی هاوسـەرگیریان هەنـدێک شـتی کەم بـوو، قەشـەکە ڕەتـی کردبـووە کەهاوسـەرگیرییکە بەبـێ

شـــايەتحاڵێک ئەنجـــام بـــدات، هەرکەســـێک بێـــت کێشـــەیان نەبـــوو، منـــیش لەکـــاتێکی گونجـــاودا دەرکەوتـــم لەگەڵ ئەوەشـــدا زاوا لەشـــەقامەکاندا بەدوای شـــایەتێک دەگەڕا بەڵام دیـــاربوو دەســـتی نەکەوتبـــوو ، بـــووکەکە جـــــونیەیەکی ئـــــاڵتونی پێـــــدام ئەمەوێـــــت وەکـــــو یادگارییەک هەڵی گرم لەگەڵ خۆما.

- شـــتەکان بەپـــێچەوانەوە ڕوویـــدا ، بـــۆچی شـــتەکان وای لێهات؟
- باشـــە، خەریـــکە پـــیلانەکەم شکســـت دەهێنێـــت، وادیـــارە ئەودوانەش هەرئێســـــتا دەڕۆن، ئەبـــــێ بەپەلە کارێـــــک بکەین .

بەهەر حـــــاڵ لەکڵێســـــاکە جیـــــابونەوە لەیەک ئەو بەرەو ئینتەرتمبـــڵ ڕۆشـــــت ئـــــافرەتەکەش بەرەو مـــــاڵەوە بەڕێ کەوت، کاتێـــک ئیـــرین ڕۆشـــت گـــوتی:- وەک، هەمیشـــە لەکاتژمێر پێنج پیاسە دەکەم.

هیچپێتـــرم گـــوێ لێنەبـــوو. هەر یەکەیـــان بە ڕێگـــای خۆیـــان ڕۆشـــتن ، منـــیش بەڕێگـــای خـــۆم بـــۆئەوەی ئامادەکـــاری تایبەتـی خۆم بکەم.

- ئامادەکاری چی ؟

لەزەنگـــــی دەدا بـــــۆئەوەی خـــــواردنی بـــــۆبهێنن بەدەم زەنـــگ لێـــدانەوە گـــوتی:- هەنـــدێک گۆشـــتی ســـارد لەگەڵ کـــوپێکی شـــیر، ئەوەنـــدە ســـەرقاڵ بـــووم خـــواردنم بیرچـــــوو، ئەم ئێـــــوارەیە پێویســـــتم بەهاوکـــــاریتە واطسۆن .

- دڵخۆش ئەبم .
- ئاساییە بەلاتەوە سەرپێچی هەندێک یاسا بکەین؟
- بەڵێ.
- تەنانەت ئەگەر دەستگیریش بکرێیت؟
- بەڵێ ئەگەر هۆکارێکی باشبێت.
- هۆکارەکەی زۆرباشە، خەمت نەبێت.

- کەواتە من لەژێر فەرمانی تۆم .
- دڵنیابوم کەئەمتوانی پشتت پێ ببەستم .
- بەڵام ئەتەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر چی بکەی؟

خەریکــی خــواردنی ئەو خوانەبــوو کەخــاوەن مــاڵەکە ســازی کردبــوو، گــوتی:- ســەرەڕای ئەوەی خــاتوو **تێــرنەر** خــواردنی هێنــاوە بەڵام بــۆە ڕوون دەکەمەوە ئێســتا، ناچــارم لەکــاتی خواردنــدا بــۆن ڕوو بــکەمەوە چــونکە هــیچ کــاتم نــیە، ئێســتا نزیــک کــاتژمێر پێــنجە، ئەبــێ لەمــاوەی دوو کــاتژمێردا لەشــوێنی ڕووداوەکە بــین چــونکە کــاتژمێر حەوت خــاتوو **ئیــرین** بەمانــایەکی دیــکە **ئــافرەتەکە** لەپیاســاکردن دەگەڕێــتەوە، ئەبــێ لەپێشــوازی دابین کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ **بریۆنی**.

- دواتر چی؟
- ئەبــێ بــۆمنی جــێ بهێڵــی ، هەمــوو شــتێکم ڕێکخســتوە. یەک شــــت هەیە ســــورم لەســــەری کەبــــیکەی: هەرچییەک ڕووبــدات نابێــت خــۆتی تــێ هەڵقــورتێنی . تێگەشتی؟
- کەوایە ئەبێ بێ لایەن بم ؟
- هەرچییەک بــوو نابێــت هــیچ شــتێک بــکەی . ئەکرێــت هەنــدێک ئاســتەگ دروســتت بــبن ، بەڵام خــۆتی تــێ هەڵنەقــورتێنی ، بەبردنــی مــن بۆمــاڵەکە کۆتــایی پــێ دێــت ، دوای چــوار یــاخوود پێــنج خــولەک پەنــجەری ژووری میــــوان دەکــــرێتەوە ئەبــــێ لەنزیــــک ئەم پەنجەرە کراوەدا بیت .
- دواتر چی؟
- ئەبــــێ بەجۆرێــــک بوەســــتی و چــــاودێریم بــــکەی کەبتــوانم بتبیــنم، دواتــر بەدەســتم ئاماژەیەکــت بــۆدەکەم ، ئێســــتا شــــتێکت پــــێ دەدەم ئەم شــــتەی پێتــــی دەدەم هەڵیــدەدەیتە ژووری میــوانەوە باشــە، لەهەمــان کاتــدا کاتێــــک فــــڕەی دەدەیە ژوورەکە هــــاوار دەکەی **ئاگرکەوتۆتەوە** ، تێگەشتی؟

- بەتەواوی .
- لولەیەکی درێژی لەباخەڵی دەرهێنا و گوتی:- شتێکی بەئازار نییە تەنها دوکەڵێکی ئاساییە کەکرێکارەکانی بۆڕی بەکاری دێنن، دواتر داپپۆشی ، ئیشەکەی تۆلەسەر ئەمەیە، کاتێک هاواری ئاگرکەوتنەکە دەکەی خەڵکێکی زۆر کۆدەبنەوە، دواتر بڕۆ بۆشەقامەکەی دیکەو دوای دەخولەک لەلات دەبم ، هیوادارم هەموو شتێکم ڕوون کردبێتەوە .
- ئەبێ بێ لایەن بم ، نزیک پەنجەرەکە بم بۆئەوەی تۆبتوانی بمبینی ، دواتر هاواری ئاگرکەوتنەوە بکەم ، دواتریش لەشەقامەکەی دیکە چاوەڕێت بکەم.
- بەتەواوی ، زۆر باش تێگەشتوی واطسۆن.
- بەتەواوی ئەتوانی پشتم پێ ببەستی .
- زۆر باشە، ئێستا کاتی خۆئامادەکردنە بۆکەسایەتیە تازەکەم.

***

هۆڵمز لەژوری نوستنەکەی ونبوو، دوای چەن خولەکێک لەشێوەی قەشەیک دەرکەوت. پانتۆڵێکو بۆینباخێکی سپی پۆشیبوو لەگەڵ کڵاوێکی ڕەش، زەردەخەنەیەکی بەسۆزی دەکرد ئاماژەی بەوەدەکرد کەکەسێکی خێرخوازە، تەنها شێوازی جلوبەرگی نەگۆڕیبوو بەڵکو هەڵسوکەوتەکانیشی گۆڕیبوو.
اهههه، تەختەی شانۆکاری هونەرمەندێکی لەدەست داوەلەبواری تاوانکاری!!!
کاتژمێر شەشو چارەک بەیکەرمان جێهێشت، کاتێک گەشتین ڕێگای ***سیربنتاین*** هێشتا دەخولەکمان مابوو بۆکاتەکەی خۆی.

تــــاریکی وادەهـــات، وردەردە ڕوناکیەکـــانی ســـەر شـــەقامەکەیان هەڵـــدەکرد، ئـــێمەش لەبەردەم بریـــۆنی دەهاتینو دەچوین  چاوەڕێی خاوەنەکەیمان دەکرد.
مـــاڵەکە هەر بەوشـــێوەیە بـــوو کەشـــێرلۆک وەســـفی دەکـــرد، بەڵام گەڕەکەکە جیـــاواز بـــوو، بەڵکـــولەلای مـــنەوە پـــڕ جوڵەبـــوو لەچاوشـــەقامێکی بچـــووک لەنـــاوچەیەکی ئارامـدا، کۆمەڵێـک پیـاوی پیسـو پۆخـڵ لەلایەک جگەرەیان دەکێشاو قاقا پێدەکەنین



چەندین گەنجی ڕێک پۆشیش دەهاتنو دەچوون بەناو شەقامەکەدا.
کاتێک ئێمەش لەبەردەم **بریۆنی** دەهاتینو دەچوین شێرلۆک گوتی:- وای ئەبینیم ئەم هاوسەرگیریە دوو شمشێری هەیە ئێستا، وادیارە خاتوو **ئیرین** هەروەک خاوەن کەیسەکە چۆن نایەوێت شازاد خاتونەکەی ببینێ ئەمیش نایەوێت **گۆدفری** ببینێ.
پرسیارە ئەوەیە ئەبێ ئێستا وێنەکە لەکوێ بێت؟

- بەڵێ وایە ئەبێ لەکوێ بێت؟
- مەحاڵە وێنەکە لەگەڵ خۆی هەڵی گرتبێ وەکو ئەوەی ئەیزانین گەورەیە ناتوانێت لەجلەکانیدا بیشارێتەوە، دەشزانیێت کەمیوانەکەمان دەتوانێت ڕێگەی لێ بگرێتو بیپشکنێ، پێشتر دووجار لەم هەوڵە دراوە، ئێستا ئەتوانین دڵنیا بین کەلەگەڵ خۆی نیە.
- کەواتە لەکوێیە؟
- لەگەڵ ئەوکەسەی کاری لەگەڵ دەکا یاخود لای پارێزارەکەی، هەردوو ئەگەرەکە ئەکرێت ڕاست بن، بەڵام پێم وابێت لای کەس جێی ناهێڵێت، ئافرەتان حەزدەکەن شتەکانیان بەبێ دەنگی بمێنێتەوە و خۆیان کارە نهێنیەکانیان بکەن.

بۆچی ئەبێ وێنەکە بدات بەکەسێکی دیکە؟ ئەومتمانەی بەخۆی هەیە، دوای ئەوەش ئەیەوێت لەچەند ڕۆژی داهاتودا بەکاری بهێنێت بۆیە ئەکرێت لەشوێنێک دایبنێت کەبتوانێت بەخێرایی پێی بگا ...ئەکرێت لەماڵەکەی خۆی دابێت.

- بەڵام پێشتر دووجار گەڕاون.
- شتی پڕوپوچ، پڕوپوچ، نەیانزانیوە کوێ بگەڕێن.
- بەڵام تۆچۆن دەگەڕێیت؟
- ناگەڕێم.
- کەواتەچی دەکەی؟

- وای لێدەکەم خۆی ڕێنیشاندەرم بێت بۆووێنەکە.
- بەڵام ڕەتی دەکاتەوە.
- ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە ....... گوێم لەویلی گالیسکەیە فەرمانەکانم بەباشی جێبەجێ بکە.

دواتر گالیسکەکە بەشاقەمەکدا پێچی دەکردەوەو دەرکەوت، گالیسکەیەکی بچوکی جوان لەبەردەم **بریۆنی** دا وەستا.

یەکێک لەدەرۆزەکارەکان ڕایکرد بەهیوای ئەوەی دراوێکی لێ بستێنێ لەوکاتەدا دەرۆزەکەرێکی دیکە دای لێی بۆئەوەی جێگەی بگرێتەوە بوو بەشەڕ لەنێوانیاندا ، هەندێک پاسەوان لەوێدا بون هاتن بۆدورخستنەوەیان وبوو بەئاژاوەیەک لەبەردەم گالیسکەکە.

لەوکاتەدا خانمێک لەناوەڕاستی پیاوەکاندا دابەزی .



کەلە یەکتریان دەدا .

هـۆڵمز ڕۆشـتە ناوئـاژاوەکە بـۆئەوەی خـانمەکە بپـارێزێ ، بەڵام کەگەشـتە لای کەوت بەزەویـدا خـوێن بەڕوخسـاریدا دەهات!

پاسـەوانەکان هـاتن بەدەم کەوتـنەکەی شـێرلۆکەوە دەرۆزەکارەکـانیش بەلایەکـی دیـکە ڕایـان دەکـرد بەڵام هەنـدێک کەسـیش دیمەنەکەیـان پـێ باشـتربوو وەسـتابوون بەبـێ ئەوەی هـیچ یـارمەتیەک بگەیەنـن، **ئیـرین** بەخێرایـی بەسـەر پلیکانەکانـدا سـەرکەوت ، بەڵام لەسـەرەوە وەسـتاو ئـاوڕی دایەوە بۆشـەقامەکە ڕوناکیەکـان جـوانیەکەی دەرخستبوو.

پرسی :- ئەوپیاوە بێچارە بریندار بووە؟

هەندێک دەنگ دەیان گووت:- مردووە!!

دەنگێکـی دیـکە گـوتی:- نازینـدووە، بەڵام پـێش ئەوەی بیبەنە خەستەخانە دەمرێت.

خزمەتکـارەکە:- پیـاوێکی بـوێرە، ئەگەر ئەونەبـوایە جانتـاو کـاتژمێری خانمەکەیـان دەدزی ، ئەوانە مافیـان..... مافیـایکی خـراپ ! ئاەەەە هەناسـە دەدا ئەبـێ بیبەین.

ناکرێـت لەسـەر شـەقامەکە بێـت ئەکرێـت بیبەیـنە ژوورەوە خانمەکەم؟

بێگومـان بیهێنـنە ژوری میـوان ، لەوێـدا قەنەفەیەکـی لێیە..... لێرەوە تکایە.

بەهێواشی هەڵیان گرت بۆخانوی **بریۆنی**.

لەژوورەکە دایاننـا ، کاتێـک منـیش لەشـوێنی خـۆم سـەیری ڕوودووەکـانم دەکـرد ڕونـاکییەکە داگرسـابون بەڵام پەنجەرەکـان دانەخرابـون، ئەمتـوانی بەڕونـی هـۆڵمز ببینـم

بەڵام نەمــــدەزانی کەبەڕاســـتی ئـــازاری پێگەشـــتووە یـــان بەدرۆوە وادەکات .



هەســـتم بەداخ دەکـــرد چـــونکە دەبـــێ ڕووبەڕوو بـــبمەوە بەرامـــبەر دروســـتکراوێکی واجـــوان، ڕوخســـاریم نەبینـــی بەڵام بەخشـــــندەیو بەســـــۆزێکەی بەســــبوو ، بەڵام ئەگەر بکشـــامایەوە لەڕۆڵـــی خۆمـــدا ئەوا وەک، خیـــانەتی لـــێ دەهـــات بەرامـــبەر بەشـــێرلۆک ، بـــۆیە خـــۆمم گرتـــو لـــولە دوکەڵاویـــیەکم لەژێـــر سەرشـــانەکەم دەرهێنـــا ، بیـــرم کـــردەوە

خـــۆئێمه ئـــازاری نـــادەین بەڵکـــو ڕێگـــری لـــێ دەکەیـــن لەئازاردانی کەسێکی دیکە.

هـۆڵمز لەسـەر قەنەفەکە دانیشـت ، بینـیم ئەجوڵێتـو هەسـت بەتەنــگە نەفەســی دەکــا، خزمەتکــارەکە خێــرا ڕایکــردوو پەنـــجەرەکەی کـــردەوە ، لەوکـــاتەدا بینـــیم دەســـتی بەرز کـــردەوەو منـــیش دوکەڵەکەم هاویشـــتە مـــاڵەکە و هـــاوارم کرد ئاگر.......ئاگر........!

قســـەکە لەدەمـــم هێشـــتا مـــابویەوە کەخەڵکێکـــی زۆر بـــێ جیـاوازی کۆببـونەوە، هەمویـان بەیەک دەنـگ دەیـان گـوت ئاگر .......ئاگـــــــر.........!

دوکەڵەکە لەپەنـــجەرەکە دەرچـــوو، دواتـــر گـــوێم لەدەنگـــی هـۆڵمز بـوو گـوتی:- درۆیە..... درۆیە...، دواتـر ڕامکـرد بـــۆلاکەی تـــری شـــەقامەکەو دوای دەخـــولەک شـــێرلۆک دەستی خستە سەر شانم ولەوئاژاوەیە دورکەوتینەوە.....

***

هـۆڵمز بەخێرایـو بەبێـدەنگی دەڕۆشـت هەتـاوەکو گەشـتینە ئەو شـــەقامەی کەدەمانبـــات بۆســـەر ڕێگـــای **ئێـــدگوێر**، گـوتی:- بەباشـــی کـــاری خـــۆت کـــرد دکتـــۆر لەوە باشـــتر نەدەکرا.

- وێنەکەت لایە؟
- ئەزانم لەکوێیە.
- چۆن زانیت ؟
- چـــیم پـــێ وتـــی ، نەمـــوت خـــۆی ڕێنـــوێنی دەکـــا بـــۆ وێنەکە.
- هێشتا مەسەلەکە بۆمن وەکو مەتەڵە.

بەپێکەنینـەوە گـوتی:- نـامەوێ وەکـو مەتەڵێکـی لێـبکەم زۆر سادەیە .

هەمـــوو ئەوکەســـانەی کەئەم ئێـــوارە لەوێ بـــون مـــن بەکرێم گرتبوون، ئەوەت دەزانـی وایە؟

- بەڵـێ بۆم دەرکەوت.
- بەم شـێوەیە کاتێـک شـەڕەکە ڕوویـدا هەنـدێک خـۆڵـی تەڕ لەدەسـتم دابـوون ، خێـرا ڕامکـرد بـۆ پێشـەوە و کەوتـم دام لەڕوخسـاری خـۆم بـۆئەوەی شـێوەیەکی بەزەیانەم هەبێت ....... یارییەکی کۆنە واطسۆن.
- پێم وابوو خوێنە، دواتر؟
- دواتـــر منیـــان هەڵگـــرت بـــۆژورەوە . ناچـــاربوو بـۆئەوەی بمکـاتە ژورەوە، ئەیتـوانی چـی بکـات؟ بەم شـــــێوەیە ڕۆشـــــتمە ژوری میـــــوان ، ئەوژورەی کەگومـانم لێـی هەبـوو وێـنەکەی لـێ بێـت، گومـانم لەسەر ئەوژورەو ژوری نوستن هەبوو .

ئەبـوایە دڵنیـا بـبمەوە لێـی . منیـان لەسـەر قەنەفەکە دانـــا، کاتێـــک گـــوتم:- پێویســـتم بەهەوای پـــاکە ناچاربون پەنجەرەکە بکەنەوە.

- ئەمە چۆن یارمەتی دایت؟
- زۆر گرنـــگ بـــوو ، کاتێـــک ئـــافرەت پێـــی وایە مـاڵەکەی ئـاگر دەگرێـت پەنادەبـاتە بەرگرنگتـرین شـت بەلایەوە بـۆئەوەی ڕزگـاری بکـات لەسـوتان، ئەم فـێڵەش پێشـتر چەن جارێـک بەکـارم هێنـاوە، لەکەیسـی **دارلنگـــۆتن** و **قەڵای ئارنشـــۆرث** ســـوودی بـــۆم هەبـــوو، کاتێـــک ئـــافرەتە شـــوکردوەکە ڕایکـــرد بۆڕزگـــارکردنی کـــۆرپەکەی و ئـــافرەتە ســـەڵتەکەش بۆڕزگارکردنی خشڵەکانی .......

ئێسـتاش دەرکەوت ئەو ئـافرەتە لەومـاڵە هـیچ شـتێکی گرنگی بەقەدەر ئەو وێنە لەوماڵەدا نیە.

هەواڵـــی ئـــاگرکەوتنەوەکە بەباشـــی کـــردت واطســـۆن، تەنهـــا هاوارەکـــان بەســـبوو بـــۆئەوەی دەری بخـــا، کاردانەوەکەشـــی زۆرباشـــبوو، وێـــنەکە لەژێـــر

تـــابلۆیەکەلای ڕاســـتەوە کاتێـــک وای زانـــی ئـــاگرە خێـــرا ڕایکـــرد بـــۆلای وێـــنەکەو دەری کـــرد بەڵام کاتێـــک وتـــم درۆیە گەڕانـــدییەوە بۆشـــوێنی خـــۆی، دواتـــر بەخێرایـــی لەژوورەکە دەرچـــوو لەوکـــاتەوە نەمبینیەوە،دواتـــر بـــۆئەوەی لەوێ دەرچـــم هەنـــدێک بەهـــانەم هێنـــایەوە، نەمئەزانـــی ئەبـــێ چـــی بـــکەم ئـــاخۆ ئەبـــێ لەوکـــاتەدا وێـــنەکە دەربێـــنم یـــاخود نـــا؟ بەڵام شـــــــۆفێری گالیســـــــکەکە خـــــــۆی کـــــــردبە ژوراو بەشـــێوەیەکی گومانـــاوی ســـەیری دەکـــردم، بەخـــۆمم گوت زیادەڕۆی ئەبێ ئەگەر بەدوای وێنەکە بکەوم.

- ئەی ئێستا؟
- خەریـــکە لێکـــۆڵینەوەکە تەواو ئەبـــێ ، مـــن وپیـــاوە خـــانەدانەکە ســـەردانی دەکەیـــن، ئاســـاییە بەلامەوە ئەگەر بتەوێـــت بێیـــت. کاتێـــک دەڕۆیـــن ئەمـــانبەن بـــۆژووری میـــوان دواتـــریش دەڵـــێن چـــاوەڕێ بـــکەن هەتـــاوەکو خـــاتوو **ئیـــرین** دێـــت، بەڵام هەتـــاوەکو ئەودێـــت بـــۆئەوەی پێشـــوازیمان لێبکـــا نەئـــێمە نەوێنەکەش نابینێ لەژوری لەمیوان.
- کەی دەڕۆن؟
- هەشـــتی بەیـــانی ئەبـــێ بەخێرایـــی بروســـکەیەک بۆخاوەنشـــکۆ. بنێـــرم هەتـــاوەکو هاوســـەرگیریکە نەکراوە.

گەشـــتینە شـــەقامی بەیـــکەر و لەبەردەم دەرگـــاکە وەســـتاین بەدوای کلیلـــی دەرگاکـــا دەگەڕا کاتێـــک گەنجێـــک گـــوتی :- ئێـــوارەت بـــاش بەڕێـــز شێرلۆ هۆڵمز.

لەوکـــاتەدا لەســـەر ڕەســـیفەکە چەنـــد پیـــاوێکی لێبـــوو دەنگـــی ســـڵاوەکە لەگەنجێکـــی لاوازی سەرشـــان لەبەرەوەهات.



بەخێرایی دوورکەوتەوە، هۆڵمز سەیری شەقامەکەی کردوو گوتی :- پێشتر ئەم دەنگەم بیستووە، ئەبێ کێ بێت؟

* * *

ئەوشەوە لەماڵی شێرلۆک خەوتم، خەریکی خواردنی قاوەو نانی بەیانی بووین کاتێک پاشای بۆهیمیا خۆی کرد

بەژورا، دەستی خستە سار شانی شێرلۆکو گوتی:- بەدەستت هێنا؟

- هێشتا نا.
- بەڵام ئەوەت پێیە کەمن دەمەوێت.
- بەڵێ بەڵام لێرە نا لەماڵی ئیرینە.
- کەواتە بابڕۆین ، ناتوانم زیاتر چاوەڕێ بکەم .
- ئەبێ گالیسکەیەک بەکرێ بگرین.
- نا، گلیسکەکەم چاوەڕێیە.
- زۆرباشە ، ئاسانتر بوو بۆمان.

دووبارە بەرەو **بریۆنی** بەڕێ کەوتین ، هۆڵمزگوتی:- **ئیرین** شویکرد.

- شویکرد !کەی؟
- دوێنێ.
- بەڵام بەکێ؟
- پارێزەرێکی ئینگلیزیە ناوی **نۆرتۆنە.**
- بەڵام ناکرێت ئەوی خۆشبوێت.
- خۆشی دەوێت.
- بۆچی ،چۆن؟
- لەبەرئەوەی سودی بۆتۆ هەیە لەداهاتودا، ئەگەر **ئیرین** هاوسەرەکەی خۆشبوێت ئەواتۆی خۆشناوێت، کاتێکیش تۆی خۆشناوێت ئەوکات هیچ پاڵنەرێکی نییە بۆئەوەی ژیانی تۆتێکبدا.
- ئەمە ڕاستە........سەرەڕای ئەوەش......باشە،هیوام دەخواست لەهەمان ئاستی کۆمەڵایەتی من بێت چونکە دەبووە خانەدانێکی بێ وێنە.

دواتر غەرقی بێدەنگییەکی قوڵ بوو هەتا گەشتینە ڕێگای سیربنتاین .

دەرگای خانوی بریۆنی کرابونەوە، خاتونێکی بەتەمەن لەسەر پلیکانەکان وەستابوو، دواتر

سەیری ئێمەی دەکرد کاتێک لەگالیسکەکە دەهاتینە خوارەوە، گوتی:- تۆ بەڕێز شێرلۆکی وایە؟
هاوڕێکەم بەئەرێنی سەری لەراندوو بەگومانەوە سەیری دەکرد ئافرەتە بەتەمەنەکە گوتی:- خانمەکەم پێی وتم ئەگەری هەیە تۆسەردانمان بکەی ، خۆی و مێردەکەی کاتژمێر پێنچوو چارەک ئێرەیان بەجێهێشت لەوێستگەی **چیرنگ کرۆس** بەرەو کیشوەری ئەوروپا.
هۆڵمز رەنگی گۆڕابوو بەسەر سوڕماوییەوە هەنگاوێک رۆشتە دواوە و گوتی:- چی؟مەبەستت ئەوەیە ئینگلتەرای جێهێشتوە؟

- هەرگیزیش ناگەڕێتەوە.

پاشاکە گوتی:- هەموو شتێک لەناوچوو.

هۆڵمز :- دەبینین.

دواتر پاڵی بەخزمەتکارەکە ناو ڕای کرد بەرەو ژوری میوان منو پاشاش بەدوایدا. هەموو ڕەفەکان کرابونەوە دیاربوو **ئیرین بەپەلە ئەوێی** جێ هێشتبوو، هۆڵمز تابلۆیەکی داگرتوو وێنەیەکو نامەیەکی لەپشتییەوە دەرهێنا، وێنەی ئیرین بوو، لەسەر نامەکەش نوسرابوو **ئەم نامەیە بۆشێرلۆک هۆڵمزە لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە هەتاوەکو خۆی دێ دەیبا.**

نامەکەی کردەوەو بەیەکەوە خوێندمانەوە، بەروارەکەی دوێنێ شەوی بوو ، لەنامەکەدا:-

ئازیزەکەم بەڕێز هۆڵمز،

پیلانەکەت بەشێوەیەکی زۆر باش کرد وبەتەواوی فێڵت لەمنیش کرد، تەنانەت گومانیشم بۆ هاواری ئاگرەکە نەبرد، دوای ئەوەی خۆمم ئاشکراکرد دەستم کرد بەبیرکردنەوە، پێش چەند مانگێک پێیان گوتم ئەگەر پاشا پشکنەرێکی تایبەت بگرێت بەدڵنیاییەوە تۆئەبی ، ناونیشانەکەی تۆشیان پێدام .

سەرەڕای ئەوەش ناچارت کردم بەئاشکراکردنی وێنەکە ، کاتێک گومانیشم لێ کردی گوتم:- ناکرێت قەشەیەکی وابەسۆز بێت ، ئەم خۆگۆڕینەش شتێکی نوێ نیە بەلامەوە، خۆشم چەند جارێک جلی پیاوم لەبەرکردووە، دواتر شۆفێرەکەم نارد بۆئەوەی چاودێریت بکات لەهەمان کاتیشدا ڕۆشتم کەتۆ ڕۆشتی.

دواتر هەتا ماڵ شوێنی تۆکەوت ، دواتر هیوای شەوێکی ئارامم بۆخواستی و ڕاستەوخۆ ڕۆشتم بۆلای مێردەکەم بیرمان کردەوە باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی لەم کەسە خراپە ڕزگارمان ببێت ڕاکردنە.

وێنەکەش ، خاوەنی کەیسەکەت دڵنیا بکەرەوە من پیاوێکی لەوباشترم خۆشدەوێت ، ئەویش منی خۆشدەوێت، وێنەکەش هەڵی دەگرم تەنها بۆپاراستنی خۆم لەئەو نەوەک لەدەهاتودا هەنگاوێکی تربنێت، من وێنەیەکی دیکەی بۆبەجێ دەهێڵم .

**ئیرین ئادلەر.**

پاشاکە هاواری کردوو گوتی:- چ ئافرەتێکە ........چ ئافرەتێکە پێم نەوتی ئەو چەند خێرایە؟ ئەوەشتێکی بەداخە کەلە ئاستی کۆمەڵایەتی مننیە؟

هۆلمز بەساردییەوە گوتی :- ئەولەئاستێکی تەواو جیاوازە لەتۆ، بمبورە کەنەمتوانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوترانە بۆتی چارەسەر بکەم .

- بەپێچەوانەوە، لەوە سەرکەوتوترنابێت ، ئەزانم ڕێزی بەڵێنەکەی دەگرێت، ئێستا وێنەکە وەکو ئەوەوایە سوتێنرابێت .
- دڵخۆشم بەبیستنی ئەوە.
- زۆر قەرزاری تۆم ، تکایە پێم بڵێ چۆن پاداشتت بدەمەوە، ئەم ئەڵقە،



پاشـــاکە ئەڵقەیکـــی زمـــرودی لەشـــێوەی مـــار لەپەنـــجەی دەرهێناو خستیە دەستی شێرلۆکەوە.

شێرلۆک گوتی :- تۆ شتێکی بەنرخ ترت لایە کەمن دەمەوێ .

- تەنها داوابکە.
- ئەم وێنەیە.

پاشا بەسارسورِماوییەوە گوتی:- وێنەی ئیرین؟!! بەدڵنیاییەوە........ئەگەر ئەوە ئارەزوی تۆبێت.

- سوپاست دەکەم خاوەنشکۆ ، کەیسەکە تەواو بوو هیوای ڕۆژێکی خۆشت بۆدەخوازم.

دواتر دانەویو هەر یەکەمان بەڕێگای خۆما ڕۆشتین.

ئەمەش چیرۆکی ئەو ئاژاوەیە بوو کەبۆهیمیای هەڵچنیبوو، هەمیشە مەدحی ئافرەتانی دەکرد بەڵام کەدەهاتە سەر ناوی **ئیرین** بەئافرەتەکە بانگی دەکرد.

****

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ

